# هۆکارەکانی بێدەنگیی ڕۆشنبیرانی کورد لەمەڕ بێسەروشوێنکردنی "د.کەمال قادر"دا!

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com

19-12-2005

نزیکەی دوو مانگە ، ئاکادیمیست و یاساناس و نووسەر، د.کەمال سەیید قادر لە کۆمارە ئەفسووناوییەکەی دەسەڵاتی سیاسیی کورددا ڕاپێچی زیندان کراوەو لەدوو هەفتەی یەکەمدا بێسەروشوێن کراو کەس هەواڵێکی نەدەزانی ، جگە لە یاساوڵە هەرە لەپێش و نزیکەکانی کۆماری ترس و تۆقاندن و بێسەروشوێنکردن. کۆمارێک ، لەسەر زاری سەرۆکەکەیەوە ، یاسای لەسەروو هەموو شتێکەوە داناوە، کەچیی ئێستا بە قامچیی یاسا و سەروەریی یاسا ، د.کەمال خەفە دەکرێت و بەزاراوەی هەولێرییەکان ، مسی لەقوڕگ دەکرێ.

لەنێوەندی ڕۆشنبیریی کوردییدا ، دەیان کەس بە نووسین و سەدان کەس دەنگییان بەرووی دەسەلاتداراندا بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی د.کەمال بەرزکردەوە. بەلام زۆربەی هەرە زۆریی ئەو دەنگە ناڕازییانە لە هەندەرەرانەوە بووە، زۆر کەم لە ناوەوەی کوردستان نووسەران و ڕۆشنبیران و ئاکادیمستان و ئازادیخوازان بەدەنگ هاتوونە. ئەمە لەخۆڕایی نییە، هۆکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و مۆراڵیی لەپشتەوەیە. ئەو نێوەند و لایەن و کەسایەتییانەی دەبووایە بهاتنایەتە دەنگ ئەم نووسینە، بەپێی ڕوانگەی خۆی بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکات.

1. بەو پێیەی دکتۆر کەمال ، هەڵگری دوو بڕوانامەی ئاکادیمییکە ، دەبووایە لەپێش هەموو کەسێکەوە دکتۆرەکان و هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەدەنگ بهاتنایە.
2. کۆمەڵێ نووسەر لەکوردستان ، خۆیان بەعەفریت و دەیناسۆریی دنیای نووسین و پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیی دەزانن ، بەتایبەت ئەوانەی لەبواری تیۆریی و لێکۆڵینەوە سیاسیی و زانستیی و ئەدەبییەکاندا جێ پەنجەیان دیارە ،کە خۆیان بەکوێخای مەعریفەی کوردیی و شۆڕەسواری ئەو بوارانە دەزانن .
3. ئەو لایەنە سیاسیی و ڕێکخراوەییانەی کە خۆیان بەسەربەخۆ لەدەسەلاتی سیاسیی کورد ئەژمارد دەکەن، یاخوود خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەلات دەخوێننەوە . هەروەها ئەو سیاسیی و لایەنانەی کە بەشوێن ڕیفۆرمەوەن و باس لەگەندەڵیی سیاسیی و ئابووریی هەردوو زلحیزبی دەسەلاتدار دەکەن و ئامادەیی خۆیان بەشێوەیەک پیشان داوە کە ئامادەن دەست بکەن بەقوڕگی شێردا بۆ ڕاستییەکان و چاوی مار دەربکەن .
4. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، کە زۆربەی کەسوکاری د.کەمال قادر بوونەتە قوربانیی بۆ ئەو هێزە دەبووایە وەفای هەبووایە ، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی عێراق دەبووایە ڕاستەوخۆ بهاتایەتە دەنگ و سۆراغی د.کەمالی بکردایە بەتایبەت پاش ئەوەی چەندین کەسایەتی ڕاستەوخۆ ڕووی داواکانیان ئاراستەی ئەوکرد . لەکاتێکدا ینک وەفای بۆ ئەو هەموو قوربانییەی بنەماڵەی د.کەمال سەید قادر نەبوو، چاوی نووقاندووە و بێ وەفایی گەیاندووە بەرادەیەک هەموو شتێکی کردووە بەقوربانی بەرژەوەندیی و ساتوسەودا سیاسییەکان لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستاندا ، کارەساتەکە لەوەدایە هەزاران کادری یەکێتی چەقۆیان لێ بدەیت خوێنیان لێ نایات لەسەر ئەو زوڵمە زۆرەی لە د.کەمال دەکرێ . کەچیی حیزب وایانی خەساندووە ، لەو هەزاران کادرە هۆشیارو سیاسییانەی ینک ، چەند کەسێکیان بەدەنگ نەهاتن!.

ئەوە بۆکەس جێگەی گومان نییە، کە دەردی کوشندەی هۆزچییەتیی و خێڵچییەتیی بەرەگوریشەی تاک تاکی کورددا داچۆڕاوەو لای کەم لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ، یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەوەی گەلی کوردستان کەنەیتوانیوە لە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی و گەلاڵەکردنی پرۆژەی سەربەخۆیی نزیک ببێتەوە ،ئەوە بووە کە وەفاداریی بۆ خێڵ و هۆز و عەشیرەت زۆرتربووە تا بۆ سەروەریی نەتەوەیی و گەڕان بەدوای ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆییدا.

ئەم وەفا کوێرانەیە ، بەشوێنێکی گەیاندووین، کە هەموو خواستی پانوپۆڕی جەماوەری کوردستان بکەین بەقوربانی کۆمەڵێ سەرۆک هۆز و سەرۆک عەشیرەت و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان ڕەشمە لە قەپۆسی زۆرایەتی بنێن و بۆ کوێیان پێخۆش بێت بیڕەتێنن. لەم ڕوانگەیەوەیە کەمکەس وێراوییەتی توخنی ئەو پێرۆزییانە بکەوێت کە زیانی بۆ ئاساییشی بنەماڵە سەردارەکان و هۆزە دەسترۆیشتووەکان هەبێت. دکتۆر

کەمال یەکێ بوو لەوانەی ویستی ئەو تابووە بشکێنێ و هێڵە سوورو سەوزەکان تێکەڵ بکات و پەلکەزێڕینەیەک لە خولیای خۆیدا لەجێگەیان دابنێ.

ئەم پیرۆزییە پڕ لەجەنجاڵ و زیکزاکەیە ، زمانی نووسین و داڕشتنی زۆرێک لەنووسەران و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی گۆڕیی لەئاست گەورەترین داڕمانە سیاسیی و مۆراڵیی و کولتووریی و دەروونییەکاندا ،وشەی نسکۆ دەخرێتە جێگەی ئاشبەتاڵ وپلانە شوومەکەی جەزائیر دەخرێتە جێگەی هەرەسی ستراکتۆری سیاسیی کورد و دەستگرتنی هێزە داگیرکارو کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان بۆسەر سکی خەڵکی کوردستان بە ڕووداوی رۆتین دەترینجێنرێتە ناو مێژوومانەوە . هەر ئەمەشە وای لە زۆر کەس ولایەن کردووە لەمەڕ بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال ، نوتق لەخۆیان ببڕن و سەلارو سەنگین لەماڵەکانی خۆیاندا دابنیشن و دەست بەکڵاوی خۆیانەوە بگرن.

ئەوە راستە ناکرێت بۆ هەر دیاریدەیەکی سیاسیی لەکوردستاندا ، لەژێر چەکمەی دوودەسەڵاتی سەراپا نغرۆ لەگەندەڵییدا ،زۆربەی نووسەران و رۆشنبیران و کەسانی ئازادییخواز بێنە وەڵام و کەمپەین بکەن و پرۆتسۆی ئەو پێشێلکارییانە بکەن . بەلام خۆ دەکرا لە ئاست دزینی نووسەرێکدا ، لە ئاست لوولدانی کەسێکی خاوەن قەڵەمدا ،لە ئاست بێسەروشوێنکردنی مرۆڤێکدا کەجگە لە خۆی و قەڵەمەکەی ، هیچ شتێکی تری نەبوو، بەشێوەیەکی بەرچاو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بەگاڵە بهاتنایە.

هۆکاری جۆراوجۆر زۆرن بۆ ئەوەی دەست بخرێتە سەر شیتەڵکردنیان، ئەخلاق سالاریی ناودەنرێ ، ڕەوشت بەرزیی ناو دەنرێ یان لە مەودا فراوانە سیاسییەکەیدا مۆراڵییبوونێکی نەجیبانەو شەریفانە بێت کە "کەڕوو"ی لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتماندا کردووە و بەیەکجاریی پیشاوین تێیدا یان لەباشترین هەلومەرجدا تەوقێکەو لەگەردنی خۆمان ناوە. نووسەرێک بەبیانووی ئەوەی خۆی ئەوەندە بەگەورە دەزانێ، خۆی بچووک ناکاتەوەو بێت لەسەر شتێکی خاکەسار بنووسێت زمان و قەڵەمی خۆی کلۆم دەدات!، لەکاتێکدا لەناخیدا هەرچەندە لاواز و دووڕوو ماستاوچییش بێت . یەکێکی تر بە بیانووی ئەوەی ئەوە کاری ئەو نییە و ئەو سەر یەشەیە بۆخۆی بۆچیی دەرۆزە بکات ؟ ، بەتەنەکەی خۆڵی دەسپێرێ.

شێواز وزمانی نووسینی د.کەمال قادر، زبرە ،توندوتیژە، ڕەقوتەقە، ناشارستانییە،بێ کەڵکە، نائاکادیمییکەو...هتد. بەراستی ئەمانە هەمووی بڕوبیانوون و هەموومان لەدەوروبەری خۆمان دەترسێین و دەبێ فشەی لەم جۆرە بکەین. کەدەڵێم فشە ، بەراستی ئێمە لەگەڵ خۆماندا راستگۆ نین، من خۆم یەکێ لەوانە بووم کە وتم ئەو شێوازەی د.کەمال شێوازێکی گونجاو نییە. بەلام بەراستی لەپێش هەموو کەسەوە رەخنەم لەخۆمە . ئەوە چییە وامان لێدەکات ئەوەندە لە خۆمان و دەوروبەرمان بترسێێن و ئەوەندە بەنەزاکەت و نێرگزییەوە قسەبکەین؟، لەپێشدا د.کەمال بکووتین ئینجا بێین سووکە گلەییەک لەدەسەڵاتی سیاسیی بکەین.

مەگەر مایکڵ مۆر ، نووسەری بەناوبانگی گاڵتەجاڕیی ئەمێریکا بە جۆرج دەبلیو بووشی نەگوت چەتەو پیاوکوژو تاوانکار ( Felon ) ، ( Moore 2001, p.42 )[1] ، پێی نەگوت تلیاکخۆر ، ئاخر وشەگەلی وای بەکارهێناوە دژی ج.د.بووش ، لە زمانی کوردییدا هاوواتای هەر نییە. کەسیش نەچوو نەک راییپچێت ، بەڵکوو دادگایشی لێنەگرت. جا ئەوەی ئەوێندەر ئەمێریکایەو ، هەولێریش ، پایتەختی دەسەلاتی سیاسیی کوردە ، بەیەک رستە ئەوەمان پێ دەڵێت ( نەخەڵەتێن دەست بۆ هێڵە سوورو شتە پیرۆزەکان بەرن ) .

## هۆکارەکانی بێدەنگیی نووسەران و رۆشنبیران

[1] - Moor M 2001, *Stupid White Men*, Penguin Books, Australia, England, Canada, New Zealand, South Africa, India .

1- دەسەلاتی سیاسیی کورد وەهمێکی لەترس و تۆقاندن و ریسواکردن و شکاندنی کەسایەتی تاکەکان بەگەڕ خستووە، ترسنۆکیی نووسەران و رۆشنبیرانیش ئەم هەلەی زێتر بۆ دەسەلات رەخساندووە ، ئەستەمە نووسەرێک بیەوێ دەستپێشخەریی بکات لە سەرزەنشتکردنی بێسەروشوێنکردنی د.کەمال سەیید قادردا ، بەتابیەت لەژێر دەسەلاتی ئیدارەی هەولێردا . ئەم ترسە بەرادەیەک گەرای چێکردووە لە ناخی نووسەرو رۆشنبیری کورددا ، کە تووشی دووڕوویی و ناراستگۆیی کردووە، زۆربەی ئەوانەی کە خۆیان دەدزنەوە لە داکۆکیکردنی د.کەمال سەیید قادر، بروبیانووی ئەوە دەهێننەوە کە گوایە قسەکانی د.کەمال بازاڕیین و ناسیاسیین ،ئەمانە جگە لەدرۆیەکی گەورە کە دەیانەوێ ترسنۆکیی خۆیانی لەپاڵدا بشارنەوە، هیچیتر نییە .

2- بەرژەوەندیی و هەلپەرستیی، بێگومان ئەوە راستییەکی زەقە لە کوردستاندا ، نان بەدەستی حیزبە، ژیان بەدەستی حیزبە بەلام ئەمانە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە نووسەران و رۆشنبیران لای کەم لەباری مۆراڵییەوە ویژدانی خۆیان ئاسوودە نەکەن. حکومەت لەکوردستاندا دەکرێ ببێتە نموونەیەکی زۆر سەیروسەمەرەی دنیا کە حیزب نانی دەدا و حیزبیش نانی هەموو کەسی بەدەستە. لێرەشەوەیە ، نووسەرانی نزیک لەحیزب و لایەنگرانی حیزب ، چاوەڕێی شتێکی ئەوتۆیان لێناکرێت، بەلام ئەی نووسەرانی سەربەخۆو بێلایەن و ئازادیخواز بۆچیی؟ بەدڵنیاییەوە زۆرێک لەم رۆشنبیرو نووسەرانە ئەوەندە چاویان لەدەستی دەسەڵاتە ، نایانەوێت بچووکترین بیانوو لەداهاتووی دوورو نزیکدا بدەن بەدەست دەسەڵاتەوە.

3- خۆپەرستیی و خۆلادەریی ، هەندێک لەوانەی دەبووایە بهاتنایەتە دەنگ ، باوەڕیان بە درووشمی ( دەست بەکڵاوی خۆتەوە بگرە، با نەیبات)ە، بەخۆلادان لە مەسەلەیەکی سامناکی وەک بێسەروشوێنکردنی دکتۆرێکی یاساناس و نووسەرێک کە توخنی تابووەکان کەوتووە ، تاوانێکی تر دەخرێتە سەر بێ دەنگیی و ترافیکێکی فوول سەوزە بۆ سەرەڕۆیی زیاتری دەسەلات و پیاوانی حیزب ، تا باشتر جڵەوی دەسەلات بگرن . بێدەنگییەک بەپێی داتاکانی کەنعان مەکییە، کەڵەگایی دەسەلات زێتر دەکات و دەنگی "نا" ش بنبڕ دەکات .

4- خۆبەزلزانیی و لەخۆباییبوون، ئەمە دەردێکی کوشندەی مرۆڤی رۆژهەلاتییە بەشێوەیەکی گشتیی و تاکی ماڵوێرانی کورد بەتایبەتیی، کە چەندین دەیەیە لەژێر کولتووری داگیرکاریی و ستەمکارییدا دەناڵێنێ . زۆر نووسەرو ئەدیب ئەوەندە خۆیان پێ گەورەیە ، کە پێیان وایە ئەگەر بێدەنگیی هەڵبژێرن ئەو گەورەییە ئەفسانەییەی ناخ و دەروونی خۆیان مەزنتر دەکەن . ئەمە لەراستییداو لەناوەڕۆکدا دیوە شاراوەکەیەتی، لەکاتێکدا لەناخەوە زۆر لاوازن و هیچی ئەوتۆیان لێ هەڵناکرێنرێ و خێریان نەک بۆ خەڵک نابێ ، بۆ خۆیشیان خێر نادەنەوە . ئەم پەتایە بەشێکی زۆری قەڵەمبەدەستان و نووسەرانی کورد دەگرێتەوە . هیچ نییە وزۆر خۆی بەشت دەزانێ، هیچی پێ نییەو خۆی زۆر پێ پانوپۆڕو خاوەن بەهرەیە.

5- مۆرالیزم و ئیتیک ( Moralism and Ethic ) , ئەوانەی بێدەنگییان کردو بێدەنگیی دەکەن ، بەبیانووی خۆ لیبرالکردن و خۆمۆدێرنکردن و خۆبەستنەوەیەکی سەرابیی بە دنیای هاوچەرخی شارستانییەوە ، ئەو کەسەی لەم پێڕە بێت، کۆمەڵێ هێڵکاریی و نەخشە بۆ ئاکاری خۆی و خەڵک دەکێشێ و لەچواچێوەیەکی قەتیسدا دێت و دەچێت و دەخولێتەوە . لەلایەکەوە رەوشت و بەهای نووسینت پێ دەفرۆشێتەوە، لەلایەکی ترەوە وانەی ئیتیکی نووسینت بە شێوەیەکی زۆر سکراب و تراژیدیی پێ دەڵێتەوە و خۆیشی سەری خۆی کز کردووەو لە وەهمی بوونی خۆیدا تل دەخوات و بچووکترین رۆڵێکی نییە . زۆرێک لەمانە قسەکانی دکتۆر کەمال سەیید قادریان پێ خۆشە، بەدڵیانەو بەدەستیان نییە، بەلام لەگەڵ خۆیشیاندا راستگۆ نین ، و سەرزەنشتی هەردوولای کێشەکە دەکەن بە منگەمنگ و بەکردەوەو بەنووسینیش دەنگیان لێوە نایات.

زمانی زبرو توندوتیژیی لە نووسینەکانی دکتۆر کەمالدا

ئەم برگەیە زۆرترین مشتومڕی لێکەوتەوەو زۆر لەئەوانەی کە دەمی خۆیان شەتەک دا و بەچەندین کاتەگۆری جیاجیاوە بیانوویان بۆ خۆیان دەهێنایەوەو دەیهێننەوە کە ئەو نووسینانەی دکتۆر کەمال ناچنە خانەی نووسینەوە؟ و شتی تایبەتییەو! پەیوەندییەکی بە دنیای رۆشنبیریی کوردییەوە نییە! ، لەدوورو نزیکەوە پەیوەندیی بە ئازادیی سیاسییەوە نییە! . ئەم بیانووانە جگە لەترس و درۆ و فشەو خۆدزینەوە و فێڵ لەخۆکردن ، ئەستەمە مەودایەکی تر هەڵبگرێ .

بەپێچەوانەوە، بێسەروشوێنکردنی د.کەمال ، لەسەر دەربڕینی بیروبۆچوونی جیاواز و ڕەخنەگرتن لە گەندەڵییە سیاسییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی کورد بوو، ئەوانەی داکۆکییش لە د.کەمال دەکەن، لەبەرژەوەندیی تایبەتیی و ناسیاوییانەوە نییە، هەزاران کەس دەنگیان هەڵبڕی بۆ ئازادکردنی د.کەمال، هەمووی چەند کەسێکیان لە نزیکەوە دەیناسن، بەواتایەکی تر خەڵک داکۆکیی لە ئازادیی ڕادەربڕین دەکات و دژایەتی سیاسەتی بێسەروشوێنکردن دەکات.

ڕاستە شێوازی دەربڕینەکانی دکتۆر کەمال ، توڕەیی و بێزاریی و هەڵچوونی پێوە دیارە،ناڕۆشنیی و گومانی پێوە دیارە، بەلام ئەو پیرۆزییە چییە کە هەندێ نووسەری حیزبیی و هەندێ کۆنە شاعیر!! ی تازە هەڵکورماو لەبن باڵای دەسەڵاتدا بۆ پارەو پارچە زەوییەک ، بلوێر بۆ گەندەڵیی و سەرەڕۆیی دەسەڵات و سیاسەتی بێسەروشوێنکردن دەژەنن ؟ و لەنوێنەری حیزب وحکومەت زیاتر دەمارگیرترو حیزبیی تر و کادرترن . هەڵوێستی لەم چەشنە جگە لە دۆڕاندنی ویژدان و هەناسەی قەڵەم و باوەڕی خوێنەر ، لەبەرامبەر گوێلێک ئافەرین و خەڵات و پارەدا چییتر نییە!.

ئەو ترسە چییە لەلای بەشێک لە ئەو نووسەرانەی کەهاتنە دەنگ لەسەر بێسەروشوێنکردنی د.کەمال؟ بە پێشەکیی و پاشەکییەوە سەرکۆنەی نووسینەکانی دەکەن؟، ئەوسا بەهەزار ئەمسەروئەوسەر چوار دێڕیان لەدەم دێتەدەر، ئەویش بە شێوازێکی پاڕانەوەی کوڕە گەورەی دڵشکاو لە باوکی دڵڕەقی دەسەڵاتی سیاسیی کورد . ئەمانە جگە لەماستاوچییەتی و خۆهەڵگرتن بۆ گەڕانەوەی باوەشی دەسەڵات کە گەردێک نەچێتە سەر ریکۆردیان لای دەسەڵات و نەڕەنجانی کەس لە پیاوانی حیزب و دەسەڵات ، هیچی تر نییە.

بەدڵنیاییەوە، ئەگەر تەنها پێنج ساڵ لەمەبەر بووایە، ئینتەرنێت و پاڵتۆک و میدیای دیجیتاڵ و تەکنەلۆژیای نوێ نەبووایە و ڕەوەندی کوردیی وەک پێشووتر، دەستکورت بووایە لەم بوارەدا... ئەوا بەدڵنیاییەوە د.کەمال نەک بۆ 12 ڕۆژ بێسەروشوێن دەکراو ورتەش لەدەسەڵاتەوە نەدەهات، بەڵکوو بۆ هەتاهەتایە بێسەروشوێن دەکرا.

لەباروذۆخێکی سەراپا دەم و دەست داخراودا کە ڕاگەیاندنی کوردستان پێیدا دەگوزەرێ و ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن ( تعتیم اعلامی ) بەتەواوەتی کێشەی د.کەمال سەیید قادر لەراگەیاندنەکانی کوردستاندا بزرە ، جگە لەرۆژ تی ڤی ، دیارە ئەویش لەدەرەوەی کوردستانە ، بەهیچ شێوەیەک گرنگیی پێنەدراوە. بەشێکی زۆری بۆ گوشارو ترس و هەڕەشەی دەسەڵات دەگەڕێتەوە ، بەتایبەت لە دەڤەری بادینان و هەولێردا. هەرچیی ناوچەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کەم تا زۆر بەشێک لە ڕۆشنبیران و نووسەران هاتوونەتە دەنگ ، ئەویش زێتر لەڕێگەی واژۆکردنەوە بۆ ئازادکردنی د.کەمال ، هۆکاری ئەمانەش زۆر روون و ئاشکرایە، هیچ ڕۆژنامەیەکی کوردستان بە حیزبییەکان و سەربەخۆکانیشەوە ئامادەنین خۆیان بخەنە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسییەوە و دڵی دەسەڵات بڕەنجێنن و چاویان لێ سووربکرێتەوە.

ڕۆژنامەی "هاوڵاتی" کە بڕیاربوو سەربەخۆترین و ئازاترین ڕۆژنامە بێت لەکوردستاندا، کەچیی بەداخەوە بەدوای ئەوەی ستافی پێشووی هاوڵاتی دەستی لەکارکێشایەوە، هاوڵاتی دوو ڕاپۆرتە هەواڵی سەراپا نادروست و ناراستی لەهەمبەر کێشەی د.کەمال سەیید قادردا بلاوکردەوە لە هەردوو ژمارەی 248 و 251ی ڕۆژەکانی 9-11-2005 و 30-11-2005 دا . هاوڵاتی لەزمانی پەیامنێرەیەکەوە کە قسەی هەمان ئەو پەیامنێرە دەکات کە د.کەمالی بەجنێوفرۆش لەقەڵەمداو خۆشحاڵیی خۆی ڕاگەیاند بە بێسەروشوێنکردنی . ئەمە لەکاتێکدایە هاوڵاتی تاکە یەک نووسین و وتاری لەسەر د.کەمال بلاونەکردووەتەوە کە سەرزەنشتی دەسەلات بکات، بەدەیان وتاری بۆ جووەو هەموویانی پشتگوێ خستووە.

ئاخر ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئەگەر خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ ئەوە شتێکی ترە، بەلام ناتوانێ خوێنەر هەڵبخەڵەتێنێ، کە شاعیرێک کارو پیشەی بووەتە ڕاپۆرتنووسین لەسەر نەیارەکانی و تا بۆی کرا بۆ د.کەمالی تێچاند . چۆن دەکرێ ئێستا کە بووەتە کارمەندێکی ئاساییش ، لەزیندانەکەی د.کەمالەوە وەک هەواڵگر ڕاپۆرت و هەواڵی ناراست دەدات بە ڕۆژنامەی میدیای نزیک لە پارتیی دیموکراتی کوردستان و بەداخەوە "هاوڵاتی"ش ، ئەم پەیامنێرە بە هاوڕێی د.کەمالی دەچوێنێت؟ ئایا هاوڵاتی چۆن ڕێگە بەخۆی دەدات بەناو پەیامنێرەکەی هەولێری ئاوا ڕاستییەکان بشێوێنێت؟ ئەمە لەکاتێکدایە خوشکە بێکەس و بێدەرەتانەکانی دکتۆر کەمال لەدەرگای هەموو کەسێکیان دا ، "هاوڵاتی" ش وەک ڕۆژنامەکانی دەسەڵات و پەیامنێرو ڕاپۆرتنووسەکانی دەسەلات بایکۆتیانی کردووە هەروەک هەموو ئەوانەی بایکۆت کردووە کە داکۆکیی لە د.کەمال دەکەن .

تەنانەت لەسەردەمی بەعسیشدا عودەی سەدام حوسێن، چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی بۆ سیناریۆسازیی دانابوو کەموزۆر ڕەخنەیان لەدەسەلات دەگرت ، کەچیی لەکۆتایی ساڵی 2005 و سەرەتای ساڵی 2006 دا، هیچ ڕۆژنامەیەکی کوردستان ناوێرێت بچووکترین شت لەسەر د.کەمال بلاوبکاتەوە ، پێچەوانەی ویستی دەسەلات بێت ، بەهاوڵاتی بالاٌبەرزیشەوە. بەدڵنیاییەوە دەیان کەس لەوانەی داوای ئازادکردنی د.کەمالیان کرد ، نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەکانی کوردستان ناردووە، بۆچیی بۆ دانسقەش یەک دانەیان لێ بلاٌونەکرایەوە، تەنها ماڵپەڕە کوردییەکان وێرایان ئەم باسانە بورووژێنن ؟ ئەمانە جگە لەوەی کە پێمان دەڵێن ترس و بەرژەوەندیی تایبەتیی و ناراستگۆیی ئێمەی کوشتووە ، پێشمان دەڵێن ڕۆژنامەکانی کوردستان نەک سەربەخۆیی تەواویان نییە ، بەڵکوو بۆ هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر ناراستگۆیی بە ڕاستگۆیی هەراج دەکەن. خۆزیا ستافی نوێی هاوڵاتی ڕێگەی نەدەدا بە نووسەران و شاعیرانێک کە ستافی پێشووتر خستبوویانیە خانەی "عەدەم"ەوە ،کەچیی ئێستا لەسەر خوانی دەسەلات دەلەوەڕێن ،وەک ئەفسەری ئاساییش خەریکی ڕاپۆرتنووسین و پەیامنێریین و لەکەکانی خۆیان بەدڵسۆزیی هاوڕێیەتیی بۆ د.کەمال بە خوێنەر دەفرۆشنەوە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتییەوە.

لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا زۆرێک لەنووسەرانی کورد ، لەسەر کەچە بابەتی وا نووسیویانە ، خوێنەر هەرچەند حەوسەڵەی زۆریشی هەبێت پارەگرافێکی بۆتەواوناکرێ ، بەلام بەرامبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادیی چاو و دەست و گوێ و دەمی خۆیان شەتەک داوە . نموونەی ئەمانە لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا کلاٌشە دەکات بەشانوشەوکەتی هاوڵاتیشەوە . بێگومان ئەم بێکەسییەی دکتۆر کەمال و خوشکەکانی ، پێویستیان بە کۆمەکی هەموو ئەو نووسەرانە هەیە بە هەر شێوەیەک بێت تا ئێستا بێدەنگییان کردووە . ئەوانەی خەریکی دەست پانکردنەوەن لەدەسەلاٌتی سیاسیی و بژێوی ژیانیان ناخەنە مەترسییەوە ، دەکەونە بەر ڕێژنەی ئەو بۆچوونەی سارتەرەوە کە پێی وایە مرۆڤی ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە داکۆکیی لە ئازادیی بکات نەک ئەوەی ماکیاژ بۆ دەسەلاٌتی سیاسیی بکات. هاوکات ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خۆیان دەدزنەوە لەڕەخنەگرتن لەدەسەلات وچاویان هەر لەدەستی دەسەلاٌتە، هەر بەزەلیلیی و ترسنۆکییش سەر دەنێنەوە .